
بەجان ماتوور، شاعیر و نووسەر

# زمان، ناسنامە، کولتوور: بەها هاوبەشەکان

سڵاو ئاراستەی هەمووتان دەکەم. پێکەوەبوونی ئەمڕۆمان واتایەکی تایبەتیی هەیە. مەسەلەی کورد لە زۆر شوێن، لە کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکاندا باسی لێکراوە و باسی لێدەکرێ. بەڵام لێرە، لە ئەربیل، پێکەوەدوانی کوردەکانی باکور و باشوور لەگەڵ تورکدا، ئەم کۆبوونەوەیە لە کۆبوونەوە هاوشێوەکانی تری جیاواز دەکات.

کاتێ باس لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرێ، یا تەنها عەقل یاخود تەنها هەست و سۆز سیاسەت دەخاتە ڕوو. لەم ناوچەیەدا، بە داخەوە زۆر بە کەمی عەقڵ هاوشان بووە لەگەڵ هەست و سۆزدا. ئێمە ئەمڕۆ لەم شوێنە وەک کەسانێکی کە عەقڵ، هەست و سۆز یەکدەگرنەوە، کۆبووینەتەوە. نە لە هەستی برایەتیمان کەمە و نە تێگەییشتنی دروستمان لە ئامرازەکانی بەدیهێنانی ئاشتی لەم ناوچەیەی کە تێیدا دەژین، کەمە. ئەو ئارەزووەی کە لە دێرزەمانەوە بۆ بەیەکگەییشتن بە براکانی ڕۆژهەڵاتمان لە هەمووماندا یە، تا ئەم ڕۆژە گیرۆدەی ڕێگرەکانی عەقڵمان بووە. ئەمڕۆ، لەبەر ئەوەی عەقڵمان خستۆتە خزمەتی هەستە ڕاستگۆکانمان کە گەورەترین خەزێنەمانە، کۆبوونەوەیەکی لەم جۆرە ڕێی تێچوو. چەندە کۆنەوەیەکی جوانە.

ئەم کۆبوونەوەیە لەو ڕووەشەوە گرنگە، کە نیشاندەدا ئەو سنوورەی لە نێوان باکور و باشووردا کێشراوە، لە ناخماندا جێی نەبۆتەوە. هیوادارم ئەم کۆبوونەوەیە ببێتە هەلێک بۆ چاککردنەوەی ژیانی دابەشکراومان. هەوڵدەدەم لە وتەکەمدا باس لە بارودۆخی ئەو هەستە ئازاردراوانە بکەم. ئەوەی بە بیری من دێت و لە چیرۆکی زۆرێک لە ئامادەبووواندا ناسراوە، مرۆڤ هەر هەمان شتە و نەگۆڕە، ئەو سامانەی کە پێویستە بەدوویدا بگەڕێین، «هەستی ئێمە» دیرۆکییەکەیە.

هەندێ ناو، گەر بە خۆشتان نەزانن، هاوشانی ژیانتان دەبێت. کەرکووک، یەکێکە لەوانە. کەرکووک شارێکە، هەرچەندە سەردانیشیان نەکردبێ، زۆربەی خەلکی تورکیا بە پەتێکی عاتفی پێوەی بەستراونەتەوە. لە لایەن کوردەکانی تورکیاشەوە، ئەو ناوەی کە بە پەتی عاتفییەوە پێوەی بەستراونەتەوە ناوی بارزانییە. گەر پێی بزانن یان نا، ناو و شێوەی بارزانی وەک مەرکەزێکی مەعنەوی هاوشانی ژیانی کوردەکانی تورکیایە.

لە سەرەتای حەفتاکاند، کاتێ باپیرم و بەساڵاچووەکانی دیکەی دێیەکەمان لە وێستگەی ڕادیۆ قاچاخەکەیانەوە گوێیان لە هەواڵە ئینگلیزییەکانەوە دەگرت، ناوی مەلا مستەفا بارزانی دەهێنرا و باس لە خەباتەکەی دەکرا. ڕەنگە ئەو کاتە پ.د.ک بە ناو زۆر ناسراو نەبووبێ، بەڵام ناوی بارزانی لەو ڕۆژە تاریک و زۆر سەختانەی حەفتاکانی کورددا، وەک دڵی زیندووی لاشەیەک لە کاتی گیاندانیدا وابوو. لە وڵاتێکی پشتی چیا دوورەکانەوە، خەڵکانێک بە خۆیان دەگوت، کورد و خەباتیان لە پێناو ناسنامەی خۆیاندا دەکرد. هەرچەندە دانیان پێدا نەدەنان، بەڵام هەستم دەکرد باپیرم و پیرەکانی دیکەی گوندەکەمان دوور بە دوور و بە دزییەوە شانازییان بە کوردبوونیانەوە دەکرد. دواتر هەر لە هەمان وێسگەوە کاتێ سترانەکانی

عایشە شان دەستی پێدەکرد، لە دێیە بێ کارەباکەماندا و لەو شەوانەدا، کە بە تیشکی ئەستێرەکان ڕووناک دەبوونەوە، پیرەکانی دێیەکەمان هەستیان بە نزیکبوونەوەیەک لە برا کوردە دوورەکانیان دەکرد و شانازییان بە خزمایەتییەکەیانەوە دەکرد. هەروەک وێستگە ڕادیۆییەکە، هەست و سۆزەکانیشیان بە قاچاخ لا دروست دەبوو. بۆ زۆرینەی کوردەکانی کە لە تورکیادا دەژیان، بەم شێوەیە بوو. خەباتە کوردایەتییەکەی مەلا مستەفا، خۆڕاگریی دەبەخشییە ئەو کوردانەی لە وڵاتێکدا دەژیان، کە دانی بە بوونیشیاندا نەدەنا. بەڵێ، لەوانەیە خۆیان نەیانتوانیبێ هیچ شتێک بکەن بۆ پاراستنی ناسنامەیان، بەڵام قیبلەیەکی مەعنەویی خۆڕاگریی لە ژیاندا پێدەبەخشین. زۆربەی کورد بە کاریگەریی ئەو هەواڵ و سترانە کوردییانەی کە لە وێستگە قاچاخەکانەوە دەبیستران، بۆ دروستکردن و پاراستنی ناسنامەی کوردیان زانیوە.

ئەو ساڵانە ناسنامەی کورد لە نێوان هەبوون و نەبووندا، بە واتای ژیان لەسەر نەخشەی لاشەیەکی بریندار دەهات. هەروەک بڵێی ئەو سنوورەی لە نێوان باکور و باشووردا بوو، کە بەسەر لەشی ئەواندا کێشرابێ. ئەو سنوورەی کێشرابوو، ببووە هۆی تێکدانی ژێرخانیان و ڕێی تێپەڕبوونی خوێنی گرتبوون. لەوانەیە هەر لەبەر ئەمەبێ، کەوا هەموومان لەگەڵ چیرۆکی قاچاخچێتیدا گەورەبووین. لەگەڵ ئەوەی دەمانزانی کە براکانی لەودیو سنوورەوە بوون، بەشێک بوون لە چیرۆکەکانمان. جوانترین قوماشەکان و خۆشترین بۆنەکان، لەوەدیو سنوورەوە جێمابوون. لە حەڵەب و شام و بەغداد بوون... تەنانەت سترانەکانیش ئەوهابوون. ئەو ڕادیۆیانەی لەودیو سنوورەوە پەخشیان دەکرد، هەڵگری ڕۆحی کوردایەتیی بوون. وەک بڵێی ئێمەی لەمدیو سنوور بەجێماو، ڕۆحی خۆمان لە دەستدابوو، دەستەوئەژنۆ مابووین.

ئەوەی پێی دەوترێ ئاڵا، ئەو قوماشانەی پێیان دەوترێ شەڕ، ئەو ڕەنگانەی ئاوریشمەکان دەیاننواندن، لەگەڵ خزمەکانماندا چووبوونە ئەودیوی سنوورەوە. ئێمەش لەمدیو لەگەڵ ڕادیۆی قاچاخ، زەبت و ڕەبتی عەسکەردا مابووینەوە. هەرکاتێ زەماوەند هەبووایە، شپرزەی ئەوە دەبووین، چۆن لەودیو سنوورەوە قوماش و جلک بۆ ڕازاندنەوەی زەماوەندەکە بێنین. چونکە جۆڵاکانیشمان ناردبوون. ئەوەی لەودیو سنوورەوە جێمابوو، تەنها خزمایەتی نەبوو، ژیان خۆی بوو.

دوایی خۆیەتی کەوتە نێوانمانەوە. لەوانەیە لەبەر ئەوەی ئەو سنوورەی عەقڵ لە نێوان خزماندا کێشای نەیتوانی ئەو پەتەی نێوانیان بپچڕێنێ، چاوەڕوانی چارە لە خۆیەتی دەکرا. بە داخەوە ئەو خۆیەتییانە ئێستاش هەن. ئەو سنوورەی زەمانێک بوو جیهازی بووک و قوماش و هێلی پێدا تێدەپەڕی، ماوەیەکی زۆر تاوانی پێدا تێپەڕ دەبوو، چەکی پێدا تێپەڕ دەبوو. لەوێ بۆ ئێرە و لێرە بۆ ئەودیو، سنوور بووە مەیدانی تاوان و خراپەکارییەکان. کەسیش ناتوانێ بڵێ هێشتا هەر بەو شێوەیە نییە. چونکە وەک سنوورێکی ئاشتی دروست نەبووە. لەبەر ئەوەی ناهەق بوو. هێندە ناهەقە، لە کاتی لەناوبردنی هەزاران ژن و منداڵ و پێشمەرگە لەلایەن سەددام حوسێنەوە ئەوەی لەسەری بوو بیکات، حەڵاڵکردنی بوو. چونکە دادپەروەر نەبوو. گونجاو لەگەڵ ڕۆحی مێژوو و جوگرافیادا نەخولقابوو. لە کاتێکدا دیجلە و فورات

بەردەوام بوون لەسەر ئەو ڕێچکەیەی ڕۆحی کۆنی جوگرافیا پێی بەخشیبوون و بەرەو داهاتوویان دەڕۆیشتن، ئینسانەکان چەقیان خواردبوو. ئەو چیرۆکانەی لە دەرگا گومرگییەکانی نێوان کوردەکانی باکور و باشوور دەست پێدەکەن و تەواو دەبن، لە باسکردن نایەن.

هەمووی تراژیدیایە. هەمووی، هەر لە بازرگانییەوە بۆ چیرۆکی خۆشەویستییەکان، بارکراوی قورسیەتیی سنوورێکیی دراماتیکیی ناسروشتییە. لەم سنوورەدا، ڕێخراوییەکی چاوەڕوان کراو نییە لە پەیوەندییە بازرگانییەکاندا. گۆڕەپانی هەست و سۆزەکانە، هی داخەکانە، هی تووشبووان بە ناهەقییەکانە. تەباییەکی وەها هەیە کە لە سنوورەکانی دیکەی جیهاندا نییە. ڕەنگە ئەو کەسانەی لە دەرگای ئیبراهیم خەلیلدا دەوەستێنرێن، لە سیاسەت نەزانن، لە مێژوو نەزانن، بەڵام ئەوان لە ناخەوە هەست بەوە دەکەن، کە لەگەڵ ڕۆحی جوگرافیادا نەگونجاون. لە کاتێکدا کوردەکان بە پاسپۆرت سنوورەکە دەبڕن و کارمەندە کوردەکان پێیان دەڵێن «بەخێرهاتن»، ئەوە نیشان دەدات، کە ئەو سنوورەی عەقڵ هێناویەتیە کایەوە، ناتوانێ بەردەوامیی بە ژیانی بدات.

لە بەهاری ٢٠٠٧دا بەو سنوورەدا تێپەڕبووم. بەنیازی ئامادەکردنی زنجیرەیەک نووسین بۆ ڕۆژنامەی حەیات. وەک کەسێک کە پێشتر چووم بۆ چەندین وڵاتی دیکە، لە دواییدا بۆم دەرکەوت کە هۆکاری ئەو هەیەجانەی بۆم دروست بوو، پەیوەندیی بە بەبیرهاتنەوەی دیمەنی باپیرمەوە هەبوو، کاتێ بەسەر ڕادیۆکەیدا بە مەراقەوە چەمابووەوە. بەڕێوە بووم بەرەو وڵاتی ئەو کەسانەی، کە خەباتیان لە پێناو ژیاندا دەکرد و باپیرم و هاوڕێکانی هەستیان دەکرد، سەر بەوان و خەمخۆریان بوون. ئەو وڵاتەی بەرەو دامەزراندنە، وڵاتی کوردان. هەر لە ڕێگاوە دەستم کرد بە هەستکردن، بەوەی ڕووبەڕووی دنیایەک دەبمەوە، جیاواز لە هەموو ئەو شتانەی کە لە زەینمدا دەمزانی و بنیادم نابوون. خۆمم وەک حاجییەک دەهاتە بەرچاو. دەچووم بۆ بینینی شوێنێک کە وەک چیرۆک منداڵی دەهاتە پێش چاوم، تا بزانم قارەمانەکانی ناو ئەو چیرۆکە، ڕاستەقینەن یان نا.

هەیەجانی ناسینی کوردە دوورەکان، قایلی کردم بە سەفەرێکی ئارام. دەبوایە بە ڕێگای زەمینیدا برۆشتبام. تەنها بەو شێوەیە دەمتوانی هەست بە زەوی و گۆڕنی جوگرافیاکە بکەم. لە ئیستانبوڵەوە بەرەو تێپەڕاندنی خاڵی ئیبراهیم خەلیل بەڕێکەوتم. هاوڕێکانی ڕێگام، ژن و مێردێکی تورکمان بوون کە لە ناو فڕۆکەی دیاربەکردا ناسیمن. ئەوان لە ئەربیل کارگەی جلوبەرگی ئامادەکراویان هەبوو. شتومەکەکانیان لە ئیستانبوڵەوە دەکڕی. ژنە گەنجەکە لە هەمان کاتدا، لە ئیستانبوڵ خوێندکار بوو. منیش هەر وەک هەموو کوردێک کە بە چوونی بۆ باکوری عیراق بەهۆی ئەو بەسترانەوە مەعنەوییەی کە لە دوای ڕێتێچوونی دروستبوونی دەوڵەتەوە ناخیان دەهەژێ، هەیەجانێکم لەلا دروست بوو. هەیەجانێک و شانازییەکی شاراوەم تێدا دروست بوو، بە ڕۆیشتنم بۆ ناسینی ئەو خاکەی کە کوردەکان تێیدا، خۆیان خۆیانیان بەڕێوەدەبەن و ناوهێنانی کوردستان تێیدا قەدەغە نییە. لە شیاویی دروستبوونی وڵات، زیاتر گرنگیم بە شیاویی ئازادی دەدا.

دیمەنێکی زۆر کۆنی کەرکوک کە پێشتر بینیبووم، زەینمی داگیر کردبوو. بەدوای ئەو سترانەی کە دەڵێ «زیندانەکانی کەرکوک» کەوتبوومە ڕێ. بینینی کەرکوک وەک دەرگایەک دیاربوو بۆ تێگەیشتن لە هەموو ئەو شتانەی کە لەو ناوچەیەدا ڕوویانداوە. هەرواشبوو. کەرکوک خەمبار بوو. منیش وەک هەمووکەسێ بە دیتنی کەرکوک گریام. لەوێ چاوم بەو کوردانە کەوت، کە هەر لە پەنجاکانەوە بە ناچاری

شوێن و ڕێیان جێهێشتبوو و ئێستاش لە ڕاپێچییەکانی سەددام گەڕابوونەوە. باسی ئەوەیان کرد کە چۆن لە بەغداد، موسل و دیالەوە گەڕابوونەوە. باسی ئەوەیان دەکرد، پەیوەستبوونیان بە کەرکوکەوە و خۆشەویستیی کەرکوک چ عەشقێکە. دیتم کە چۆن لە گەڕەکە کۆنکریتییەکانی کە وەک شێرپەنجە لە دەرەوەی کەرکوک لە گەورەبووندان، ژیان بەسەردەبەن. هەمان پەیوەستیی بە کەرکوکەوە لەلای ئەو عەرەبانەی کە سەددام بە زۆرەملێ لە ناوچەکانی دیکەوە هێنابوونی، هەبوو. نەیاندەویست بڕۆن. ئەوەی دێت، لێی دەبێتە شاری خۆی. کەرکوک هەژار بوو، بە ترس بوو، بەڵام هێشتا شاری ئەوانە بوو کە بە زمانی یەکدی دەدوان و گوێیان لە بانگ و ڕۆحی یەکتر دەگرت. کورد، تورکمان، عەرەب، سەرەڕای ئەو هەموو بارگرژییەی تووشیهاتبوون، هیچ کامیان نەیاندەویست لە باوەشی کەرکوک جیاببنەوە. نە ئەو کوردانەی لە مێژەوە ڕاپێچرابوون و نە ئەو عەرەبانەی کە سەددام بەزۆری لە شوێنەکانی دیکەوە هێنابوونی، نەیاندەویست بڕۆن. ئەو ئاگرەی کە لە بیرە نەوتەکانی دەوروبەری کەرکوکەوەو دەهاتە دەرێ، هەر وەک بڵێی دەردی دڵی کەرکوک دەربکات، وابوو. پێنەدەچوو ئەو دەردە تەواو ببێ.

کە لە ڕێبووین، هاوڕێ تورکمانەکانم بەو بادینییەی کە دەیانزانی، لەگەڵم دەدوان. باسی ئەوەیان بۆ دەکردم، کە چەندە حەزیان لە ئیستانبووڵە و چۆن بەبێ هیچ کێشەیەک لەگەڵ کورد لە ئەربیلدا دەژین. کە چۆن کورد و تورکمان پێکەوە و لە نێو یەکدا دەژین و ژن و ژنخوازییان لە نێودا هەیە. هەر لە ڕێوە ئەو ئومێدەی کە ئەم ناسینە بەرامبەر بەم ناوچەیە لای دروست کردم ، ڕازێکیشی لەلا دروست کردم. ئەمە دەوڵەمەندییەکی زمانیی پشتگوێ خراوە لای ئێمەی، کە لە تورکیادا دەژین. برا تورکەکان زمانی کوردەکانی تورکیایان نەدەزانی. واز لە زمان بێنن، تەنانەت گۆرانییەکانیشیان نەدەزانی. بەڵام خوشک و برا تورکمانەکە بە درێژایی چیای جوودی و بەدەم وتنی گۆرانیی کوردییەوە خەریک بوون، دەگەییشتینە خالی ئیبراهیم خەلیل. هێشتا لە ڕێبووین، کە هەستێکی نزیکبوونەوەیان پێوە دیاربوو، کە ئێمەی خەڵکی تورکیا نایزانین یا خود دەیزانین و لەبیرمان کردووە. سنورێک لە زەینیاندا نەبوو. هەولێر، ماردین و دیاربەکر، هەمووی بۆ ئەوان هەر یەک بوو.Istanbul hepsi icin ufuk cizgisine siralanmi$ bir hayal $ehirdi.

بە مەراقەوە هاتم بۆ ئەربیل. بە نێو کۆڵان و بازارەکانیدا گەڕام. سەرسامی ئەو زمان و دینانە بووم کە بە تەنیشت یەکەوە دەژیان. چوومە نێو پۆلی قوتابخانە هەژارەکان. لەگەڵ قوتابییاندا دوام. ڕۆح سووکیی ئەو مامۆستایانەم دیت کە وانەی مێژوویان بە سۆرانی و وانەی بایۆلۆجیی دوای ئەویان بە تورکمانی دەوتەوە. ئەم خەرمانی زمانە، ئەوەی نیشاندام کە سەرەڕای ئەو هەموو ئازار و زوڵمە، برایەتی جێی دەبێتەوە. ئومێدم پەیدا کرد لەم خاکە، کە توانیوێتی ئەم برایەتییە بپارێزێ. ڕەنگە لە کاتی هەڵاتنیان لە زوڵمەکانی سەددام، باوەشیان بەیەکدا کردبێت و لە سایەی یەکتردا خۆیان گەرم کردبێتەوە. هۆکارەکان چ گرنگییەکیان هەیە. سەرم سوڕما لەو بە دەنگییە و لەو ئیدارەیەی ئەم ناوچەیەی کە دەیویست بەردەوامی بەو بەدەنگییە بدات. ئەو زەمینە دیموکراتییەی لە وڵاتە هەرە پێشکەوتووەکانی ئەورووپادا بە یاسا و ڕێساکان ڕەخسێنراوە، لێرە هەر خۆی هەیە. کێت لە کێ جودا دەکردەوە؟ کام زمانە لە کام زاراوەیە. هەموو لە ڕەگەوە لەیەک ئاڵابوون. ناتوانین هەوڵی

ئەو کادیرانە پشتگوێ بخەین کە هەوڵ دەدەن بۆ دانانی یاسا و دروست کردنی سیستەمێک بۆ پاراستن و بەخێوکردنی ئەم سامانە. ڕەنگە زۆر لە پێش ئەوانەوەبین، بەڵام شت زۆربوو کە لێیانەوە فێرببین. چونکە کولتووری دیموکراسی لە ژیانیاندا هەبوو.

لەو ڕۆژانەی کە لێرەدا بەسەرم برد، هەمیشە بیری تورکیم دەکرد. وەک چۆن لە ئیستانبوڵ بیری کوردی دەکەم. نەمزانی کوێ مەملەکەتە و کوێ غەریبییە. ئێمە و من تێکەڵ ببووین. لە کاتێکدا هەموو لایەک مەملەکەت و هەموو لایەک غەریبی بوو، فێری تەماشاکردنی مرۆڤ بووم. باوەڕم هێنا بەو برایەتییەی کە کورد و تورکمان بنیادیان نابوو و لە ژێر زوڵم و ستەمی سەددامدا باوەشیان بەیەکدا کردبوو. باوەڕم بە پێکەوە لکانی ئەوانە هێنا کە بە زمانی یەکدی دەدوان و سترانەکانی یەکتریان دەوتەوە. باوەڕم بەو مامۆستایانە هێنا کە لە هەمان قوتابخانەدا مێژوویان بە کوردی و بایۆلۆجییان بە تورکمانی دەوتەوە. ئێرە یەک ناوچەی لە یەک دانەبڕاوبوو. باوەڕم بەمە هێنا. چونکە ئەوەی سنووری لە نێوان ئێمەدا کێشابوو، چیاکان خۆیان نەبوون. ئەم سنوورەی کە سەد ساڵەوە کێشراوە و دڵەکانی لە یەک جودا کردوونەتەوە و پڕ لە حەسرەتی کردوون و ئەو سترانانەی لەو حەسرەتە دروست بوون، لە هەموو جێیەک هەر یەکە. وەک چانداری ئازیز دەڵێ: «ئێمە یەک نەتەوەین». ڕەنگە لە زمانیان تێنەگەین، بەڵام باوەڕم بەوە هێنا کە «یەکین، هاوشێوەین». هەروەک چۆن لە ئەرمەنییەکانی لە مەڕاشەوە کە خاکی منە، چوونەتە سووریا، تێگەیشتم و تەنانەت بڕی ئەو سماقەی لە خواردندا بەکاریان دەهێنا، بەوەی داپیرەمم چوواند. هەر وەک چۆن باوەڕم هێنا بە یکگرتنەوەی ئێمە، کە لە ژێر هەمان ئاسماندا دەخەوین. ئەربیل، ئیستانبوڵ و دیاربەکری کەم بوو. هەر وەک چۆن ئیستانبوڵ کوردیی کەم بوو، کەرکوکی کەمە.

هەر وەک چۆن ئەو کوردانەی کە ئاڵا و نەخشەی کوردستان دەبینن، هەستیان بەرزدەبێتەوە و بەو شانازییەی بەو هەستەیانەوە دەیکەن، حەسرەتەکانیان دادەمرکێننەوە و بۆ ئەو باکوری عێراقەی بە ڕاکردن بۆی دێن، بە حەسرەتەوە دەگەڕێنەوە بۆ تورکیا. بە دیمەنە جوانەکەی دەریاچەی ئابانت، هەمان ئەو حەسرەتەم لا دروست بوو، کە کاتێ لەگەڵ ڕێبوار کەریم دەدواین. ڕێبوار دەیگوت: ژیان لە هەولێر بە هیچ شتێک ناگۆڕمەوە. ئەوێ شارەکەی بوو. ناسنامە پڕاو پڕ شتێکی لەم جۆرە بوو. ناسنامە ئەو شتەیە کە حاڵمان دەردەخات. هەستی سەر بە کوێ بوونمان بوو. بەم واتایە، بێگومان وڵاتی من تورکی بوو. بەڵام پەیوەستیش بووم بەوانەی لەودیو چیا دوورەکانەوە بۆ ژیاندنی ناسنامەی من خەبات دەکەن.

گەرچی نەشم دیبن. گەرچی لە شارەکانی ئەوان، هەر بیری ئیستانبوڵ و دیاربەکرم کردبێ، ئەمە ڕاستییەکە بوو. هەر وەک چۆن تورکێک بێ ئەوەی کەرکوکی بینیبێ، خۆی بە هاو دەرد و سەر بەوێ دەزانێت، ئەمە بۆ هەموو کوردێکیش هەر بە هەمان شێوەیە. بێگومان ئەم عایدیەتەی کە لە ڕیزەکانی بنەوەی بە ئاگابوونماندا چنراون، واتایەکی ماتماتیکیی، نابێ بۆ خاڵی یەکپێگرتنمان و خاڵی لێک جودا بوونەوەمان. بەڵام دواین شت کە سیاسەت و سنوورەکان دروست دەکات، هەستەکانمانن. بۆ چاکبوونەوەی ئەم لاشە نەخۆشە و کردنەوەی ڕێڕوی خوێن، پێویستە ئەو سنوورەی کە هەیە، شەفاف بکرێت. پێویست بە وەبیرهێنانەوەی ئەوە هەیە کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست حەوزێکە. ڕەنگە زمانمان جیاواز بێ، بەڵام هەستەکانمان، کاتە جەرگبڕەکانمان و خاکمان یەکە. ئێمەین کە دەبینە هێڵی پەیوەندیی کوردی لەگەڵ جیهان، تا لە نێو خۆیدا داخراو نەبێ. هەر وەک چۆن تورکی تا نەبێتە ڕۆژهەڵات، تا نەبێتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ژیانی نا تەواو دەبێ. لەبەر ئەمە پێش هەموو شتێک پێویستە تایبەتمەندێتیی ئەو وشەی برایەتییەی بووەتە وێردی سەر زمان، تازە بکەینەوە.

ئیدی سەمیمی نەبوونی ئەوانە زۆر بە ئاسانی دەردەکەوێ، کە ڕووی ئەو زەمینە پڕ هەستە دادەپۆشن کە هەر

لە سەرەتای وتەکەمەوە باسی لێدەکەم و ئێمە وەک بەتاڵکراوە لە هەستی برایەتی و دراوسێیەتی دێن و دەبەن. ئەوانەی خولقێنەری بەربەستەکانن لە بەردەمماندا، تەنها پشتیان لە بەهاکانی کورد نەکردووە، بەڵکو پشتیان لە بەهاکانی هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردووە. کوردەکانی عێراق هەر لەبەر کوردبوونیان نا، بەڵکو لەبەر عێراقیبوونیشیان، لە ژیانە هەڵبژاردەکان بێبەش کراون. بەڵام بە خۆشحاڵییەوە و بە دەنگی گشتی، تورکیا ئیدی ئەو هەڵسوکەوتە ڕەخنەلێگیراو، شکێنەر و سووکایەتی پێکردنانە دەگۆڕێ. تورکیا ئەوە دەبینێ، کە ناتوانێ بەبێ کوردەکان ئەو سیاسەتی دەورەدانە بنیاد بنێ، کە بە نیازییەتی.

هەموومان ئاشنای ئەوەین کە هەر بڕیارێک، هەر وتەیەک کوردی لێدەر نابێت یان سووکایەتیی پێکردبێت، بووەتە هۆی توندبوونی کوردەکانی تورکیا و باشوور. ئەو باسانەی لەسەر جیاوازیی نێوان کوردەکان دەکرانەوە، هەر زوو دادەخران. لە کاتێکدا کوردەکانی تورکیا هێندە کاریگەر دەبن بە هەر شتێک، کە سەبارەت بە براکانی باشووریان بکرێ، تورکیا ناتوانێت و نابێ، سیاسەتێک بەبێ ئەوان بنیاد بنێ. تورکیا ئیدی لەبەردەم بە وڵاتی ڕاستییەکانە. لە ڕێبوون بە وڵاتی ئەو ڕاستییانەی، کە ژیان دابەشی کردوون. هەر وەک چۆن کوردەکانی باشوور بۆ بەدیموکراسیبوون پێویستیان بە تورکیا هەیە، هەروا تورکیاش پێویستی بە کوردەکانی باشوور هەیە. بەم شێوەیە، گەشەپێدانی ڕێککەوتنەکانی لەگەڵ کوردەکانی باشووردا گەلێک گرنگە، بەڵام پێویستە سەرچاوەی سەرەکیی کێشەکەش پشتگوێ نەخات. شوێنی دەستپێکردنی ئەم چاکسازییە، سیاسەتی ناوخۆیە. تورکیا تا لەگەڵ کوردەکانی خۆی ئاشت نەبێتەوە و ئاشتی لە وڵاتدا نەسەپێنێ، ناتوانێ ڕۆڵی ڕابەریی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگێڕێ. تورکیا پێویستە سەرەتا متمانەی بە کوردەکانی خۆی هەبێ. هێندەی ئازایەتیی دیپلۆماسی، پێویستە لە سیاسەتی ناوخۆدا متمانە بخاتە ڕوو. هێشتا ڕێ دەچێتە گۆڕانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ حەوزی ئاشتی، چونکە هێشتا ڕەگەکانی ئەو هەستی «ئێمەبوون»ـەی داپۆشراوە، هێشتا
تا ز ه یه .
ئه و ه ی
له م
مەسەلەیەدا پێویستمان پێیە، ئازایەتی نییە وەک باسی لێدەکرێ، بەڵکو سەمیمییەتە. لە کاتی نیشاندانی ئەو سەمیمییەتەدا، دەتوانیین ئەوە ببینین کە ئەو برایەتییەی هەیە، زۆر لەوە قووڵترە، کە بیرمان لێدەکردەوە. (Kardesligin harcindan zoru cikartmakla baslamaliyiz belkide.) چونکە زیندووکەرەوەی ئەو برایەتییەی کە لەبیرکراوە، هێز نییە، بەڵکو هەمیشە نیەت پاکی و سەمیمییەتە.

سوپاسی هەموان دەکەم بۆ گوێگرتنتان.